# لەشاری سلێمانی

# کۆنگرەی پشتیوانی لەئازادکردنی مامۆستا عەلی باپیر سازدەکرێت

لەژێر دروشمی "هەموومان پشتگیری ئازادکردنی مامۆستا عەلی باپیرین" ئەمڕۆ دووشەممە ٧/١٢ لەهۆڵی(ئۆسکار) لەشاری سلێمانی بەئامادەبوونی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامیی و نوێنەرانی حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان و دامودەزگا حکومی و حزبی و پیاو ماقوڵان و نووسەران و ڕۆشنبیران و یاساناسان و ڕۆژنامەنووسان، کۆنگرەی پشتگیری لە ئازادکردنی مامۆستا عەلی باپیر، سازکرا.

سەرەتای کۆنگرەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر وتەی دەستپێکی کۆنگرەکە لە لایەن کاك شێخ فەخرەدینەوە خوێندرایەوە، پاشان کاك فارووق عەلی بەناوی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد،دواتر مامۆستا( تۆفیق کەریم) وتاری مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێشکەشکرد.

دواتر بەڕێز(ئارام سەعید) بەناوی سەرکردایەتی پارتی پارێزگارانی کوردستانەوەو (ڕەحمان غەریب) بەناوی کۆمیتەی پارێزگاری سلێمانی حزبی شیوعی کوردستانەوە وتەیان پێشکەشکرد.

پاشان وتارێك لەلایەن کاك ئاسۆس هەردی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) پێشکەشکراو کاك (بەکر حەمە صدیق)یش وەکو یاساناس و پارێزەرێك لەڕووی یاساییەوە لەناشەرعیبوونی درێژەدان بە زیندانیکردنی مامۆستا عەلی باپیر دواو ڕوونیکردەوە کەبەپێی یاسا ناوخۆیی و بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ئەوە کارێکی نایاساییە، هەروەها وتاری بنەماڵەی مامۆستا عەلی باپیر، لەلایەن (کاك عەبدولواحید باپیر)ەوە پێشکەشکرا.

هەر لەکۆنگرەکەدا بروسکەی پیرۆزبایی و پشتگیری حزب و لایەنە کوردستانی و عێراقییەکان خوێندرایەوە، هەریەك لەیەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات و یەکگرتووی ئیسلامیی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لەعێراق و حزبی ڕزگاری کوردستان و ژمارەیەك لەڕێکخراوودەزگای ڕۆشنبیری پێشکەشکران.

هەروەها لیژنەی بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی کۆنگرە پێکهێنرا، کە نوێنەری حزب و لایەنە کوردستانی و ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕۆژنامەنووسان و یاساناسان بوونیان تیایدا هەبوو، وە لەلایەن پارێزەر (ئەبوبەکر عەلی)یەوە ڕەشنووسی بەیاننامەی لیژنەی ناوبراو بەچەند ڕاسپاردەو داواکارییەك خوێندرایەوە.

لەکۆتاییدا لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە سوپاسی سەرجەم بەشداربووانی کۆنگرەیان کردو بەوەش کۆنگرەکە کۆتاییهات.

www.kurdistannet.org